**Article**

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 219 – 237
http://www.ijoks.com

# Kurdish Nation and the use of mother tounge as a cosmical right

***Sherko Hama-Amin Qadr[1], Brwa Rasool Ahmad[2]***

**Received**: August 10, 2016 **Reviewed**: August 17, 2016 **Accepted**: September 05, 2016

**Abstract**

This research is an attempt to revelate the rule of language in developing and sustenate nation's culture, especially the nations who have a national ancient culture like Kurd. The above little considers the Kurdish Language for sustenate an unstate Kurdish nation in order to remains as a national different custom among the neighborhood nations, and these will be ensured in the all scopes with the using of mother tongue. The right of using mother tongue was proved directly or indirectly in all religions, world agreements, human rights and democratic state constitutions. In other word there is no justification to prohibit the right of using mother tongue in the different scopes of society. Language is a basic factor for remaining and the perishing the nations, it is also a main dimension of constructing the ken of the nation. Looking at the history will show us that there were many languages disappeared due to political reasons or neglecting. Kurd as an ancient nation has its own language which consists of some different dialects, but the dominant tried to perish it, by some means or other a kind of language assimilation was tried, but the reaction was there to defend and protect the language. Now Kurdish language is spoken only in a part of Kurdistan "South Kurdistan", beside Arabic Language Kurdish was also confessed in Iraqi constitution. This research which is fallen in with apply linguistics, prescriptive explanations will be performed. The research consists of an introduction and two chapters. n the first chapter language and Kurdish language, the connection between language and nations and the characteristics of a national language will be talked about. The second chapter is dedicated to talk about mother language and using mother language as a sustained right, and proving this cosmical in the international agreements and democratic state constitutions. Meanwhile exposition of the importance of using Kurdish national language in all stages especially in the education in both governmental and nongovernmental sectors. At the end the most important gained results and the list of bibliography will be showed.

**Recommended citation:**
Qadr, S. H. & Ahmad, B. R. (2016). Kurdish Nation and the use of mother tounge as a cosmical right. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 219 – 237.

[1] Associate professor and member of parliament in Kurdistan Region of Iraq. Email: sherkohamaamin@gmail.com
[2] Assistant Lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of education, Raparin University Ranya, Sulaimani, Kurdistan Region – F.R. Iraq. email; brwalinguistic@gmail.com

## نەتەوەی کورد و بەکارهێنانی زمانی دایک وەک مافێکی گەردونی

شێرکۆ حەمەئەمین قادر
بڕوا ڕەسول ئەحمەد

### پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی زمان، لە هێشتنەوە و بەرەو پێشبردنی کلتوری نەتەوەیی، بەتایبەتی بۆ گەلانێک، کە کلتورێکی نەتەوەیی دێرین و دەست بۆ نەبراوی وەک کوردی هەبێت. ناونیشانی سەرەوە پێویستی زمانی کوردی، بۆ هێشتنەوەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی، وەک کورد بە پێویست دەزانێت بۆ ئەوەی، وەک دیاردەیەکی نەتەوەیی جیاواز، لەنێو نەتەوەکانی تری دراوسێی و جیهاندا بمێنێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی دایکەوە، لە هەمو بوارەکاندا دەستەبەر دەبێت.

مافی بەکارهێنانی زمانی دایک، وەک مافێکی گەردونی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە هەمو ئاین و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و دەستوری وڵاتانی دیموکراتدا سەلمێنراوە، بە واتایەکی تر هیچ پاساوێک، بۆ ڕێگریکردن و زەوتکردنی مافی بەکارهێنانی زمانی دایک، لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگادا، نییە.

زمان، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی مانەوە و لە ناوچونی نەتەوەکانە. لە هەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی سەرەکی پێکهاتنی شوناسی نەتەوەییە. لە سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە، کە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، زمان وەك یەکەم توخمی پێکهێنەر و ڕێکخەری هەر نەتەوەیەک چاوی لێ کراوە. لە مێژودا زۆرن ئەو زمانانەی, کە لەو سەردەمەدا بە هۆی بایەخنەدان و هۆکاری سیاسییەوە لە ناوچون و بەکارهێنەرانی ئێستاکە بە زمانی نەتەوەیەکی تر، قسە دەکەن. بۆ نمونە لە فەرەنسا، ئەو زمانەی ئێستاکە هەمو کەس قسەی پێدەکەن پێش سەردەمی مۆدێرن تەنیا 13 لە سەدی خەڵکی فەرانسا بەکاریان هێناوە. جێگەی سەرنجە ئەو شێوازە بوە بە مۆدێلێک, کە بە مۆدێلی فەرانسی دەناسرێت و نەیارانی کوردستانیش هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو مۆدێلەیان داوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن زمانی خۆی هەیە, کە لە چەند زار و شێوەزارێک پێکهاتوە. بەڵام لە چەندین قۆناغی مێژوییدا لەلایەن داگیرکەرانی خاکەکەیەوە هەوڵی سڕینەوەی دراوە و جۆرێک لە توانەوە (ئاسیمیلاسیۆن)ی زمانەکە لە ئارادا بوە. بەڵام پەرچەکرداری کوردیش ئامادە بوە, بۆ بەرگریکردن و پاراستنی زمانەکە. لە ئێستادا زمانی کوردی تەنها، لە بەشێکی کوردستان (باشوری کوردستان)، بە فەرمی کاری پێدەکرێت و لە دەستوری هەمیشەیی ئێراقدا وەک زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا دانی پیادانراوە.

ئەم توێژینەوەیە، کە دەچێتە چێوەی زمانەوانی کارەکی (Apply Linguistics)ییەوە، ڕێبازی شیکاری وەسفی پەیڕەو دەکریت و توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش پێکدێت، بەم شێوەیە، لە بەشی یەکەمدا باسی زمان و زمانی کوردی و پەیوەندی زمان و نەتەوە و تایبەتمەندییەکانی زمانی نەتەوەیی دەکرێت.
بەشی دوەم تەرخاندەکرێت بۆ باسکردنی زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی دایک وەک مافێکی بەدەستهاتو، و سەلماندنی ئەو مافە گەردونییە، لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوری وڵاتانی دیموکراسیدا، هاوکات خستنەڕوی گرنگی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی کوردی لە هەمو ئاستەکاندا و بە تایبەتی بواری پەروەردە و فێرکردن، لە هەردو کەرتی حکومی و ناحکومیدا. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و لیستی سەرچاوەکان دەخرێنەڕو.

**بەشی یەکەم**

**زمان**

زمان دەورێکی باڵا، لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، بەجۆرێک زمان بۆتە بەشێکی وا گرنگ لە مرۆڤدا، کە ئیدی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بێ بونی زمان نایەتە ئاراوە، چونکە بنەمای هەرەوەزی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە بناغەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بێ بونی زمان پێکنایەت، هەروەها بێ بونی زمان شارستانییەت بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە هۆکاری گەیاندنی کلتور و داهێنانەکانی مرۆڤایەتییە، بە نەوەکانی داهاتو. لەبەر ئەم هۆیانەیە، کە پێناسە و لێکدانەوەی جیاواز، لە ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ زمان کراوە، کە ئاسان نییە، پێناسەیەکی پڕاوپڕی زمان، بە چەند دێرێک بکرێت، بەڵام هەمو پێناسەکانی زمان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە زمان هۆیەکە بۆ لەیەکدی گەیشتن و مانەوە و یەکگرتویی کۆمەڵی قسەپێکەرانی. بڕوانە (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٩)

**زمانی کوردی و تایبەتمەندی زمانی کوردی**

زمانی کوردی لە چی و لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ ئاخۆ شوێن و خولگەیەکی بۆ سەرهەڵدان هەبوە؟ ئایا زمانی کوردی زمانێکی سەر بە خۆیە؟ ئایا زمانی کوردی زاراوە و دیالێکتێکی ئاڵۆز و بێ قەوارەی زمانگەلی تر وەك فارسی کۆن لەژمار دێت؟ ئایا بۆ مسۆگەرکردنی کۆن بون و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی هیچ بەڵگە و خوێندنەوەیەك لە ئارا دایە؟ یان ئەو زمانە لە ئاسمانەوە بەربۆتەوە؟ یان زمانی جن و دێوە زمەیە؟ و گەلێك پرسیاری تر.

دیارە ئێمە دەبێت ئاگادار بین، کە توژینەوە و توێکاری لەسەر کەرەسە و مێژوی زمان، پرۆسەیەکی زۆر ڕامنەکراو و گەلێك گرینگە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەمە، کە واز لە لێکۆڵینەوە بێنین، بەهۆی نەبونی دەسەڵاتێکی سیاسی نەبڕاوە، لەسەرەتای مێژوی بونی کوردەوە، نەتوانراوە بە بەڵگەی نوسراومان هەبێت و کۆک بین لەسەر چەند تایبەتییەکی زمانی کوردی، بەڵکو ئەوەی هەیە لە ئێستادا و ئەوەیشی بۆ داهاتو پێویستە پشتی پێ ببەستین و لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکەین، دەتوانرێت پشت بەم بوارانە، وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوە ببەسترێت:

١. پاشماوە و ئاسەوارە دێرینەکان.
٢. پەڕتوك و تۆمار و کتێبە کۆنەکان.
٣. کتێبە مێژوییە کۆنەکان.
٤. ئاوڕدانەوە بۆ سەر بەرهەم و بۆچونەکانی گەڕۆك و ڕۆژهەڵات ناسەکان.
٥. کەڵك وەرگرتن، لە زانستی زمانناسانی و لێکسیکۆلۆژی (وشەزانی)، لەمەڕ شیکردنەوەی ریشە و پێکهاتە و بنچینەی زمانی کوردی، و شیکردنەوەی ماک و ریشەی وشەکان (ئیتمۆلۆژی).
٦. مێژو ناسەکان و پسپۆڕانی زانستی زمان.

نەتەوەی کورد خاوەن زمانی تایبەتیی و دێرینەی خۆیەتی و هەزاران ساڵە بەو زمانە دەئاخڤێ. ئاشکرایە، هەر چەشنە باس و لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژوی زمانی کوردی پەیوەندیەکی نزیکی بە چاوخشاندن و پێداچونەوەیەکی وردبینانەی بە مێژوی کورد و کوردستانەوە هەیە، هەر بۆیەش بە پێویستییەکی سەرەکی دەزانین، پێش هەر دوان و گریمانەیەك ئاوڕێك، لە مێژوی کورد و جوگرافیای کوردستان بدەینەوە و کورتە باسێك لەو بارەوە بێنینە ئاراوە. هەر چەندە، دنیای بەربڵاوی ئێمەی مرۆڤ، گەلێك کۆنە و رابردویەکی دێرین و نەزانراوی هەیە، بەڵام بە لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی شتومەك و ئاسەوارەکانی سروشتی و ناسروشتی، هەروەها پشکنینی ئاسەوارناسی و گەلناسی، لەگەڵ ئەوانەش بەراوردکردنی قاڵبی ئێسقانی بونەوەر و ئینسانەکانی دێرین و تەمەن و شوێنیان، زانایان و پسپۆڕان بە هێنانە ئارای گریمانە و بەڵگە و دۆکیۆمێنت، زانیارییەکی بەرچاویان بەدەستهێناوە و مێژوی نەتەوەی کورد و ئاریەکانیش داگر و هەڵگری ئەو شرۆڤە و بۆچونەی سەرو دەبێت. بە وتەی دەقەکانی ئاڤێستا و بە گوێرەی بەڵگە دۆزراوەکان و رادەربڕینی زانایانی مێژو، لە سەردەمێکی نەزانراو، نەتەوەی ئارییەکان، لە وڵاتێکی سارد و سەهۆڵبەندانەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی

ناوین، واته کێوەکانی زاگرۆس کۆچیان کردوه. پاشان له داوێنی زاگرۆسەوه بەرەو دەشت و بانی ئێران و گشت ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێوانی روبارەکانی دیجله و فوراتەوه چەندین کۆچی تریشیان کردوه. بەره بەره له گۆڕەپانی مێزوپۆتامیادا له ژێر ناوی جیاواز بڵاو بونەتەوه (عەلائەددین سەجادی: ١٣٧١).

به سەرەنج دان لەم ڕێچکه مێژوییەی زمانی کوردی و بەو ئەنجامه بەدەست هاتوانەی، لەبەر دەستدان زمانی کوردی یەکێکه له زمانه ئێرانییەکان، که ئەویش لقه زمانیکه له زمانه هیندۆ ئێرانییەکان و دەچێتەوه سەر زمانه هیندۆ ئەوروپییەکان، بەم پێیەش هەندێک تایبەتمەندی هاوبەشی هەیه لەگەڵ زمان و لقه زمانەکانی ئەم کۆمەڵەیه، ئەمەش بەدەر نییه له هەندێک تایبەتمەندی خۆی، له بابەتی سیستەمی دەنگ و ڕێزمان و ڕیزبونی کەرستەکانی ڕسته و ... تد، که بەشێوەی (بکەر+بەرکار+کار)ه، و جیاوازه له زمانێکی وەک ئینگلیزی (بکەر+ کار + بەرکار)، که سەر بەهەمان گروپی درەخته زمانی هیندۆ ئەوروپییەکانه.

تایبەتمەندییەکی تری زمان، به گشتی بونی زاری جیاوازه، بەجۆرێک هیچ زمانێک له جیهاندا نییه تەنها شێوەیەکی دەربڕینی هەبێت، واته هەمو زمانێک له زیاتر له زار (دیالێکتیک) پێکهاتوه. ئەگەرچی بۆچونی جیاواز هەیه، لەسەر ژماره و چۆنیەتی زاره کوردییەکان، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوه پەسەنده، ئەوەیه، که زمانی کوردی، له چوار زار پێکهاتوه و هەر زارێکیش دابەشی سەر چەند شێوه زارێک بوه بەمشێوەیه:

- زاری کرمانجی سەرو
  بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا
- زاری کرمانجی ناوەڕاست
  موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی
- زاری گۆران
  گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا
- زاری کرمانجی خوارو
  لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ

ئەم جیاوازییانەی له نێوان دیالێکتەکاندا هەیه نەبۆته هۆی ئەوەی هەر زارێک خۆی ڕێچکەی زمانێکی سەربەخۆ بگرێت، بەڵکو هەمو زارەکان له خزمەتی زمانی کوردی دابون و یەکگرتوییەکی ڕێژەییان لەنێو نەتەوەکەدا هێشتوتەوه، بەجۆرێک خاڵی جیاکەرەوەی نەتەوەی کورد، لەگەڵ نەتوەکانی تری وەک (عەرەب، تورک، فارس) زمانەکەیەتی. مینۆرسکی لەم بارەیەوه دەڵێت: زمانی کوردی خاڵی بەهێزی یەکێتی نەتەوەیی کوردانه، که هەر چەنده، لەنێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا جیاوازی هەبێت، بەڵام یەک زمانه و هی یەک نەتەوەیه. (فوئاد حەمه خورشید: ١٩٨٥: ٣٩).

**پەیوەندی نێوان زمان و دەوڵەت ـ نەتەوه**

زمان، له دروستبونی نەتەوه و یەکبونی نەتەوەیی و پێکهاتەی دەوڵەت نەتەوەدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بەجۆرێک یەکێک له تیۆرەکانی دروستبونی ناسیۆنالیزم بریتییه، له تیۆری ئەڵمانی (زمان ـ نەتەوه). (جەعفەر عەلی:٢٠٠٤: ٩٠).

دەوڵەت و پێکهێنەرەکانی:

بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ببێت به دەوڵەت، پێویسته چوار پێکهێنەری سەرەکی تێدابێت. زمان له دو پێکهێنەریاندا ڕۆڵ دەبینێت و هۆی پتەوی دەوڵەتەکه و پتەوی پەیوەندی تاکەکانی دەبێت له بواره جیاجیاکاندا. له خوارەوه ڕونیاندەکەینەوه:

خاک (ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو) Defined Derritory:

خاک گرینگترین پێکهێنەری دەوڵەتە. هەمو دەوڵەتێک پێویستە خاوەنی سنوریکی دیاریکراو جیاکراوە لە دەوروبەرەکەی بێت.

**خەڵک (یان دانیشتوان) A permanent Population**

هەر وڵاتێک لەگەڵ ئەو خاکەی کە هەیەتی، پێویستە خاوەنی دانیشتوانێکی هەمیشەیی بێت و تاکەکانی، دەوڵەتەکە بە هی خۆیان بزانن و بەشداربن لە بەرەوپێش بردنی. بون و پێکەوە ژیانی خەڵک لە سنوری دیاریکراوی وڵاتێکدا، بەهۆی کۆمەڵێک هاوبەشییەوەیە، وەک هاوبەشی لە زمان و کەلتور و فەرهەنگ و جۆری بیرکردنەوە و ... تاد، بەڵام زمان کاریگەرترین هۆکارەکان سەرەوەیە، چونکە زمان هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی تاک و گروپەکانی هەر کۆمەڵگایەکە.

زانایانی بواری زانستی کۆمەڵایەتی پێیان وایە، ئەو گروپانە لە خەڵک، کە بە یەک زمان دەئاخڤن مافی سروشتی خۆیانە داوای ناسنامەی سیاسی خۆیان بکەن و لەسەر بنەمای هاوزمانی داوای دەوڵەتی نەتەوەیی بکەن. (عەلی زەڵمی: ٢٠١٢: ٨٢)

**حکومەت Government:**

حکومەت لایەنی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەگرێتەوە و ئەرکەکەشی بەڕێوەبردنی بوارەکانی "سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، پارێزگاری ژینگە، بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی و کاروباری دەرەوەیە. لە هەمو ئەم بوارانەدا زمان هۆکاری دەربڕین و پیشاندانی هێڵە گشتییەکانیانە.

زمان ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە کولتوری نەتەوە خۆی دەردەبڕێت، بۆیە زمان ناسنامەی هەر نەتەوەیەک پێکدێنێت و ئاستی پێگەیشتنی عەقڵی و شارستانی و کەسایەتییەکەی پیشاندەدات، لە هەمانکاتدا زمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە، سیاسەت کار لە ڕەوشی پێشکەوتن و ئایندە و چارەنوسی زمان دەکات، زمانیش وەک بەرهەمی ئەقڵی و ئەزمونی نەتەوە کار لە سیاسەت دەکات.

هەر دەوڵەتێک لەگەڵ دامەزراندنیدا زمانێکی ستانداردی بۆ پەیوەندی نێوان خۆیی و خەڵکەکەی پێویستە، کە لە ڕێگای ڕاگەیاندن و پەروەردە و دامەزراوە کارگێڕییەکانییەوە وەک زمانی فەرمی دەیسەپێنێت (باشتر وایە زمانەکە ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لەسەر بێت). ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێک پێش بونە نەتەوە، واتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی، زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوی نەبوبێت، یان خودی زمانەکە نەبوبێتە هۆی دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەییەکە، ئەوا لە یەکەم هەنگاوی حکومەتدا پێویستە کار بۆ زمانێکی یەکگرتو بکات، ئەمەش یەکێک لە سیاسەتە هەرە گرینگەکانی کاروباری ناوخۆی هەر دەوڵەتێکە. (ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٣: ١٢٥)

**سەروەری Sovereignty**

سەروەری واتە بونی دەسەڵاتێکی باڵای حکومەت لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەمیش بەهۆی بەهێزی یاسا و ڕێساکانی و بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی گەلەکەی. باڵادەستی سیاسەتەکانی حکومەت سەروەرییەکی بەهێزی پێدەبەخشێت لە ناوەخۆ، و لە ئاستی دەرەوەشدا پلەی بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی وڵاتە خاوەن سەروەرییەکان. بڕوانە: (theorybox.net/2010/03/4-elements-of-state)

ئەم پێکهێنەرانەی دەوڵەت، کە بەهۆیەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دان بە بونی هەر نەتەوەیەک دادەنێت، بۆ نەتەوەی کورد جیاوازە، چونکە، سەرباری ئەوەی تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی نیە، کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵام وەک نەتەوەیەکی سەر بەخۆ بەرگری لە مانەوەی خۆی کردوە و بەهۆی زمانەکەیەوە جۆرێک لە یەکبونی نەتەوەیی و هێناوەتە ئاراوە، کە لە نەتەوەکانی تری جیادەکاتەوە.

### تایبەتییەکانی زمانی نەتەوەیی

هەمو زمانێک لە چەند زارێک پێکدێت، ئەو زمانانەی لە یەک زار پێکدێن زۆر دەگمەنن، یان هەر نین. هەمو کۆمەڵگایەک زمان بەکاردەهێنێت بۆ لە یەکگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، بەڵام مەرج نییە هەمو نەتەوەیەک زمانی نەتەوەکەی خۆی بەکاربهێنێت (بۆ نمونە نەتەوەکانی وڵاتی هیند زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن تا بتوانن لە یەکدی بگەن). زۆرێک لەو نەتەوانەی کە دەست بەرداری زمانەکەیان بون، نەیانتوانی ناسنامەی نەتەوەییان بپارێزن، بەڵکو بون بە بەشێک لەو نەتەوەیەی کە زمانەکەیان بەکارهێنا، بۆ نمونە کۆچی نەتەوە جیاوازەکانی ئەوروپا بۆ ئەمریکا و دروستبونی وڵاتی ئەمریکا وایکرد نەتەوە جیاوازەکان لە ژێر چەتری زمانی ئینگلیزیدا، ناسنامەی خۆیان لە دەست بدەن و ببن بە بەشێک لە گەلی ئەمریکی و لەوە بەدواوە خزمەت بە کلتور و فەرهەنگەکەی بکەن.

هەر زار یان زمانێک بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی نەتەوەیی پێویستە چەند تایبەتییەکی تێدابێت، واتە هەمو زار یان زمانێکی ناوچەیی لە باریدانییە ببێت بە زمانی نەتەوەیەک. "هدسن" لە بارەی زمانی ستانداردەوە چوار تایبەتمەندی دەستنیشانکردوە بۆ هەر زار یان زمانێک تا ببێت بە زمانی ستاندارد، بە بۆچونی ئێمە ئەم چوار تایبەییە بە هەندێک گۆڕانکارییەوە بۆ زمانی نەتەوەیش ڕاستە:

### هەڵبژاردن Selection:

پێویستە ئاخێوەرانی چەند زمان یان زارێک لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا (سنوری دەوڵەتیک)دا زمانێک هەڵبژێرن، کە بە هۆیەوە بتوانن ئەندامانی کۆمەڵگا لە یەکدی بگەن و هۆکارێک بێت بۆ بەیەکەوە بەستنەوەیان. ئەگەرچی ئەو زمانەی کە هەڵدەبژێردرێت باشتروایە لە ڕوی زمانەوانی و یاسا و ڕێسا زمانییەکانەوە کەمترین کێشەی هەبێت، هەروەها خاوەنی هەیبەت بێت، تا تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەکارهێنانی شانازی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک هۆکاری وەکو دەوڵەمەندی زار یان زمانەکە لە روی ئەدەبیات و زمانی نوسینەوە و ناوچەی جوگرافی زمان یان زارەکە و باری کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی و ... هتد ڕۆڵیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنەکە پێویستی بە بڕیاری سیاسی دەوڵەتەوە هەیە.

### تۆمارکردن Codification:

زمان یان زارە هەڵبژێردراوەکە لەلایەن دەزگای تایبەتمەندی ئەکادیمییەوە خەوشەکانی ناهێڵرێن و کەم و کوڕییەکانی بە زاراوەی زارەکانی تری هەمان زمان پڕدەکرێنەوە و یاسا ڕێزمانییەکانی تۆماردەکرێن، هەروەها فەرهەنگ و پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ سازدەکرێت و لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی تۆماردەکرێن. ئەم تۆمارکردنە سەرەتا لە پرۆگرامی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاردەکات، تا بە ئاسانی بگاتە هەمو تاکیکی نەتەوە. دوای بەکارهێنانیشی بۆ ماوەیەک تەواوی ئاخێوەرانی کۆمەڵگا ئاشنای دەبن و زمانەکەیان یەک فۆڕم و شێوە وەردەگرێت.

### بوار فراوانکردن Elaboration of function:

دوای تۆمارکردن و دەرچون و بڵاوبونەوەی دەق و چاپەمەنی بە زار یان زمانەکە و بەکارهێنانی لە

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەرکی حکومەتە لە بوارە کارگێری و ڕامیارییەکاندا کاری پێبکات و ئەرکی پێ بسپێرێت، وەکو لە بواری یاسادانان و کاروباری دەوڵەتی و پرۆگرامی پەروەردەیی و ... هتد.

**ڕەزامەندی Acceptance:**

لەگەڵ ئەم خاڵانەی سەرەوە، ڕەزامەندی و قبوڵکردنی زمانەکە لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەوە، گەرەنتی بون بە زمانێکی نەتەوەیی پیشاندەدات، پێچەوانەی ئەمە زمانێکی نامۆ دروست دەکات و وەکو مۆرکی نەتەوایەتی لێیناڕوانرێت. دەشێ دەسەڵات زمانێک بسەپێنێت بەسەر قەڵەمڕەوییەکەیدا، بەڵام ئەگەر ڕەزامەندی تاکەکانی کۆمەڵگای لەسەر نەبێت، هەمیشە بە چاوێکی دوژمن کارانەوە لێیدەڕوانرێت و لە هەر هەلیکی گونجاودا شیاوی وەلانان دەبێتەوە. بڕوانە: (هدسن: ١٩٩٦:٣٢)

زمانێک کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدابو، و دەربڕی نەتەوە و فەرهەنگ و کولتورەکەشی بو، دەبێت بە ناسنامەی نەتەوەکە. ئاخێوەرانی زمانەکەش شانازی پێوە دەکەن و هەیبەت و کەسایەتی نەتەوەکەیان دەبەستنەوە بە هی زمانەکەیانەوە.

لە بارێکدا زمان دەتوانرێت بەم پروسانەی سەرەوە داببرێت، کە نەتەوە خاوەنی سەروەری و سەربەخۆییەکی تەواو بێت، ئەگەرنا هیچ نەتەوەیەکی ژێر دەست ناتوانێت بەم میکانیزمانە لە هەوڵی بنیادنانی زمانێکی نەتەوەیی دابێت. بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان وشیاری و ناسیونالیزمییەکی ئەوتۆ پێویستە، کە بەبێ کیانی سەربەخۆی خۆی بتوانێت پارێزەری زمانەکەی بێت. وەک لە دواتر ڕونی دەکەینەوە.

**بەشی دوەم**

**زمانی دایك**

زمانی زگماکی (دایك)ی، ئەو زمانەیە کە لە باوان و نزیکانمانەوە فێری دەبین. منداڵان هەر لەگەڵ هاتنە دنیاوەی هەست بە زمانی دایکی دەکات، بە جۆرێك لە کاتی گریانیدا بە دوانی دایکی لەگەڵیدا هێمن دەبێتەوە. لە دوای ئەوەوە لە تەمەنی دو ساڵییەوە دەست دەکات بە لاساییکردنەوەی دەنگ و دەربڕینەکانی دایك و باوکی، تا قۆناغ بە قۆناغ دێتە ناو کۆمەڵگا و دەست دەکات بە ئەزمونکردنی زمانەکەی. واتە زمانەکەی هاوڕێیەتی دەکات، تا بە دەوروبەر و دیاردە و ڕوداو و پێشهاتەکان ئاشنابێت. زمانی دایکی دەبێتە ناسنامەی و کەسێتی خۆی تیادا دەبینێتەوە و شانازی پێوە دەکات. بەڵام ئەم شانازیکردنە بۆ منداڵانی گەلانی ژێر دەست بەردەوام نابێت، بە تایبەتی ئەوانەی ناتوانن بە زمانی دایکیان بخوێنن، بەڵکو لەگەڵا چونی بۆ خوێندنگا و ناچارکردنی بە خوێندن بە زمانێکی تری جیاواز لە زمانی دایکی، هەستی خۆ بەکەم زانین و چەوسانەوە و باڵێدەستی زمانێك بەسەر زمانەکەیدا دێتە ئاراوە.

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی، بەردەوام لەگەڵ ئەم کێشە ناجورانەدا دەژی و هەمو هەوڵێك بۆ لە باربردنی و توانەوەی دراوە و دەدرێت.

**پێویستی زمانی دایک، بۆ کورد وەک هۆکاری مانەوە**

زمان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە ئاراستەکردن و بەرەو پێشبردنی سیاسەتی هەر کۆمەڵگایەک و پێشکەوتنی بوارەکانی تری کۆمەڵگاش زمان گوزارشتیان لێوە دەکات. بۆ نەتەوەی ژێر دەست و داگیرکراو، ئەم ڕۆڵە چەند جارە دەبێتەوە. مێژوی چەوسانەوە و داگیرکاری پێماندەڵێت: کە هەنگاوی یەکەمی ژێردەستەکردنی هەر نەتەوەیەک و گۆڕینی شوناسەکەی لە لێدان لە زمانەکەیەوە دەستی پێکردوە، لەبەر ئەوەی زانستی زمان و ئەزمون ئەوەیان سەلماندوە، کە گۆڕینی شوناسی هەر مرۆڤێک، لە بنەڕەتدا گۆڕینی زمانەکەی بوە.

ئەگەرچی لە سەردەمی جیهانگیریدا لەوانەیە ئەم بۆچونە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەڵام هەرگیز بەو مانایە نییە، کە زەمینەی خۆی لەدەست دابێت، واتە ڕەنگە پلەکەی گۆڕابێت لە سەرەکییەوە بۆ مامناوەند. بۆ نەتەوەی کورد بە تایبەتیش لە باشوری کوردستان، بە بڕوای ئێمە زمان ئێستاش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بە زیندو هێشتنەوەی ناسنامەکەی و تا ئێستاش چەکێکی کاریگەرە بۆ شەڕی گەیشتن بە سەربەخۆیی و دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی خۆی. فەیلەسوفی ڕۆمانی ئیمێل سایرۆن دەڵێت: "مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەک نیشتمان". (عەلی زەڵمی: ٢٠١٢: ٧٣)، ئەم بۆچونە تەواو لەگەڵ بار و سروشتی زمان و مرۆڤی کورد دەگونجێت، بەجۆرێک لە هەندێک باردا زمانی کوردی لە "خاک" زیاتر کوردی وەک دیاردەیەکی جیاوازی کولتوری و نەتەوەیی پاراستوە، ئەگەر کورد زمانەکەی لە دەست بدایە، و تەنانەت وەک ئێستاش لە سەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە، بێ شک لەمێژبو لە نێوان نەتەوە سەردەستەکانی وەک "عەرەب و فارس و تورک" توابۆوە. چونکە گەلی کورد جگە لە زمانەکەی هیچ فاکتەرێکی بەهێزی تری نییە، تا لە نەتەوەکانی تری جیابکاتەوە. نەتەوەی کورد لە ئایندا هاوبەشە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و فارس و تورک، بەوەی زۆرینەی کورد موسڵمانە، لە ڕەنگی پێست و شێوەی دەم و چاودا هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا نییە، لە شێوەی جل و بەرگیشدا، بە کاریگەری جیهانگیری هەمو نەتەوەکان یەک جۆر جل و بەرگ دەپۆشن، ئێستا لە جیهاندا، جل و بەرگی نەتەوایەتی زۆرتر لە بۆنە نەتەوەییەکاندا دەپۆشرێت. بەشی هەرە زۆری کولتور و فەرهەنگی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش تێکەڵ و هاوبەشە، وەک ڕونیشە تا ئێستاش کورد خاوەنی سەروەری خاکی خۆی نییە، کەواتە زمان پارێزەر و ناسنامەی نەتەوەی کوردە و لە خاک زیاتر پەیوەست و گرێدراوە بە زمانەکەیەوە.

**نەتەوەی کورد و بەکارهێنانی زمانی دایک وەک مافێکی گەردونی**

بەکارهێنانی زمانی دایک مافێکی گەردونی، ئایینی، سروستی هەر تاک و نەتەوەیەکە، دەستەبەرکردن و پیادەکردنی ئەم مافە، لە ژیانی کلتوری و پەروەردەیی و کارگێری و بواری تردا، پێویستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە. ئەم مافە گەردونییە وەک بەشێک، لە پیادەکردنی فەرهەنگ و کلتوری خاوەن زمانەکە لە پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوە. وەک لە چاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، کە پەسەندکراوی ساڵی ١٩٤٦ و لە مادەی دوەمدا هاتوە، کە " هەمو کەس هەمو ماف و ئازادی تەواوی خۆی هەیە" بێ لەبەرچاوگرتنی "ڕەگەز، ڕەنگ، زایەندەگی، زمان، دین، باوەڕی سیاسی یان باوەڕی دی، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، مڵک، شوێنی لەدایکبون، یان پلەی دیکە"، لە پەیوەست بە زمانەوە ئەم ماددەیە بوە، بە بنەما بۆ کۆمەڵێک جاڕنامەی گەردونی زمانی، کە پێداگری لەسەر پیادەکردنی مافی گەردونی زمانی دایک دەکاتەوە، لە هەر کۆمەڵگایەکی زمانی، نەک زەوتکردنی ئەم مافە، بە بیانوی نەبونی دەوڵەتی سەربەخۆوە. هەر بۆ نمونە ئەم ماددەیە سەرچاوەیە، بۆ ڕاگەیاندنی جاڕنامەی جیهانی مافی زمانی، کە لە کۆبونەوەی بارسەلۆنای ئیسپانیا، لە ٦-١٩٩٦/٦/٩، هاتە ئاراوە. لەم جاڕنامەیەدا، کە لە ٥٢ ماددە پێکهاتوە، بڕوانە (http://www.linguistic-declaration.org/index-gb.htm) زۆر بەڕونی پێداگری لەسەر مافی بەکارهێنانی زمان دەکاتەوە، و تەنها پێوەر، بۆ ئەم مافە بونی زمانێک و کۆمەڵێک خەڵک کە باکاری بهێنن بە بنەما وەردەگرێت. (دەقی ئەم جاڕنامەیە، لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا هاتوە).

**مافی زمانی لە نێو دەستوری وڵاتان (چەند وڵاتێک بە نمونە)**

مافی بەکارهێنانی زمانی دایک، بەشێک لە کێشەی زۆربەی ولاتانە و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکاری جۆراوجۆر هەم بۆ پیادەکردنی هەمیش بۆ زەوتکردنی مافەکە گیراوەتەبەر. وڵاتانێک کە دان بە مافی مرۆڤ و هەمو مافە گەردونییەکانی تری مرۆڤ هەیە، لەچوارچێوەی دەستورە دیموکراسییەکانی خۆیاندا ئەم کێشەیەیان بە ڕەزامەندی خاوەن زمانەکان چارەسەر کردوە، وڵاتانێکیش کە هەژمونی نەتەوەیەک زال دەکەن بەسەر نەتەوەیەکی تردا، بەجۆرێک ڕەگەزپەرستی

نەتەوەیی جێگای پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەگرێتەوە، بوارێک بۆ بەکارهێنانی فرە زمانی و پیادەکردنی مافە گەردونییەکان ناهێڵنەوە.
لێرەدا نمونەی بەکارهێنانی زمان، لە دەستوری چەند ولاتێکی فرە نەتوەدا دەخەینە ڕو:

١. سویسرا:
سویسرا وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی، بۆ هەر یەکێک لە نەتەوەکان، لە دەستوری سویسرادا جێگیرکردوە، لە ماددەی چوارەمی دەستوری سویسرادا هاتوە: "زمانی نەتەوەیی بریتییە، لە زمانەکانی ئەلمانی ئیتاڵی، فەرەنسی، ڕۆمانی". (ئەمانی فەهمی:٢٠١٥: ١٨)

٢. سوید:
سویدیش وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە وکلتور و زمان، لە ماددەی دوەمی دەستورەکەیدا، بواری وەکیەکی بەکارهێنانی زمانی دایکی، بۆ هەمو تاکەکان ڕەخساندوە و دژی هەمو جیاکارییەکی نێوان تاکەکانە، لەسەر بنەمانی ڕەگەز، ڕەنگ، ئاین، زمان. (ئەمانی فەهمی:٢٠١٤: ١٤)

٣. ئێراق:
ئێراق، وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئاین و ئاینزا، کە چارەنوسی ژیان نەتەوەکانی وەک (عەرەب، کورد، تورکمان ئاشوری، کلدان و ... تد) پێکەوەی بەستونەتەوە، لە سەرەتای دروستبونییەوە مافی بەکارهێنانی زمانی، بە نەتەوە جیاوازەکانی ئێراق بەخشیوە، یاسای زمانە ناوچەییەکان، لە ساڵی ١٩٣١دا دەرچوێنراوە، ئاماژە بەوە دەکات لەو شوێنانەی عەرەب زۆرینەیە، زمانی عەرەبی، و لەو سوێنانەش کورد زۆرینەیە، زمانی کوردی زمانی خوێندن و کارگێری و دادگاکانە، بۆ نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. (نەوشیروان مستەفا: ١٩٩٩: ١٩٥) بەکارهێنانی زمانی دایکی نەتەوە جیاوازەکانی ئێراق، لەسەردەمی ڕژێمی پێشو (ڕژێمی بەعس)شدا ڕێگەپێدراو بوە و بەشێوەیەکی ڕێژەیی پیادەکراوە.
دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دروستبونەوەی دەوڵەتی ئێراقی نوێ، لە دەستوری هەمیشەیی ئێراقدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا گەلانی ئێراق دەنگیان لەسەرداوە، لە مادەی چواردا هاتوە:
"زمانی عەرەبی و کوردی دو زمانی فەرمین، لە ئێراقدا، مافی سەرجەم ئێراقییەکان پارێزراوە، لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان، بە زمانی دایکیان، وەک تورکمانی و سریانی، لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا، بەپێی یاسا پەروەردەییەکان". لە خاڵی چوارەمی هەمان ماددەدا هاتوە:
"زمانی تورکمانی و سریانی دو زمانی فەرمی ترن، لەو یەکە ئیدارییانەدا، کە تیایاندا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. (دەستوری ئێراق: ٢٠٠٥: ٥)
پشت بەستن بە ماددەی چواری دەستوری ئێراق، لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان دەرکراوە، کە زمانی کوردی زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەلە بەرچاوگرتنی بونی نەتەوەی تری وەکو (تورکمان، سریان، ئاشور، ئەرمەن)، لە ماددەی ٢٢دا مافی بەکارهێنانی زمانی دایکیانی سەلماندوە و جێگیری کردوە، بەم شێوەیە:
"لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتوانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەبن، زمانی خۆیان، لە پاڵ زمانی کوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی، بۆ خوێندن، ئاخاوتن، کاروباری کارگێری و ناوخۆییان". بڕوانە (http://www.perleman.org/files/articles/141214061821.pdf)

٤. ئێران:

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک کۆماریکی تری فرە نەتەوە، لە دەستورەکەیدا و لە ماددەی ١٥دا، ئازادی چاپ و خوێندنی داوە بە بەکارهێنانی زمانی دایکی نەتەوە جیاوازەکان، لە پاڵ زمانی فەرمی فارسیدا.بڕوانە (file:///C:/Users/Brwa/Downloads/ghanoonasasi.pdf)
بەڵام لە زەمینی واقیعدا ئەم مافە پیادە ناکرێت و تەنها زمانی دیار و زاڵ لە نێوانی هەمو گەلانی ئێراندا، تەنها زمانی فارسیە.

٥. تورکیا:
کۆماری تورکیا، کە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە، پێچەوانەی نمونەکانی سەرەوە، جگە لە زمانی تورکی دانی بە هیچ زمانێکی تردا نەناوە، لە ماددەی سێیەمی دەستوری تورکیادا هاتوە:
"دەوڵەتی تورکیا، بە خاک و نەتەوەیەوە، یەک کیانە و شیاوی دابەشبون نییە و زمانی دەوڵەت، زمانی تورکییە" (ئەمانی فەهمی:٢٠١١: ١٧)
لەمەوە روندەبێتەوە، ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی دایکی نەتەوە جیاوازەکان دەبێتە مایەی ئارامی و سەقامگیەی وڵات و مافیکی گەردونی و ئاینی و یاساییە، کە دەبێت پەیرەوی لێ بکرێت. بڕوامان وایە بەشێک لەو کێشانەی، کە بەرۆکی تورکیای گرتوە، بەتایبەتی کێشەی کورد، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە نکوڵی مافە نەتەوایەتی و زمانییەکانی کورد دەکرێت، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خویندنی باڵا و چاپەمنیدا، زۆر گرنگە زمانی دایک بەکاربێت و ئەم بەکارهێنانە بواری پێشخستن و پەرەپیدانی زمانی دایک دەرەخسینێت، کە ئێستا گەلی کورد، لە تورکیادا، لەم دەرفەتە، بۆ بەکارهێنان و پێشخستنی زمانی کوردی بێبەشە، واتە دەبێ، زمانی کوردی لە کەرتی گشتیدا ڕێگەی بەکارهێنانی پێبدرێت. پێچەوانەی ئەم دۆخە، لە مێژوی ناوچەکەداو بەتایبەتی لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا، لە ویلایەتە جیاوازەکاندا، ئازادی، بە پیادەکردنی مافی زمانی دایک دراوە، و ئەم پیادەکردنەش خزمەتی پێکەوژیانی ئاشتیانەی کردوە. لە لایەکی ترەوە لە ئێستای جیهانگیریدا، (کە تورکیا بەشێکە لەم جیهانگیرییە)، بنەمای بیری جیاوازی کلتوری و زمانی جێگەی بیری پەراوێزخستنی کلتوری و زمانی گرتوتەوە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. مافی بەکارهێنانی زمانی دایک، مافیکی گەردونییە و لە جاڕنامە و پەیماننامە جیهانییەکاندا سەلمێنراوە و پێویستە گەلان، لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا پەیرەوەی بکەن و لە دەستور و یاسای تایبەتیدا جێگیر بکریت.

٢. بەکارهێنانی زمانی دایک، بەند نییە بەوەی، کە هەر دەبێ نەتەوەیی خاوەن زمان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، بەڵکو دەکرێ چەند زمانێکی جیاواز ، بەرژەوەندی تری ژیانی، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کۆیانبکاتەوە.

٣. پیادەکردنی مافی بەکارهێنانی زمانی دایک، لە دەوڵەتانی فرە نەتەوەدا، جگە لەوەی مافێکی گەردونی و ئاینی و یاساییە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی پێکەوەژیان و ئارامی دەکات و بواری پێشخستنی ژیاریی زمانەکان و دەوڵەتەکەش دەرەخسێنێ.

٤. زمانی کوردی وێرای جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، و لە ڕوی دەنگ و ڕێزمانەوە یەکگرتوە.

٥. زمانی کوردی خاڵی بەهێزی مانەوە و سیمای جیاکەرەوەی نەتەوەی کوردە.

## سەرچاوەکان


١. امانی فهمی، دساتیر العالم. المجلد التاسع، دستور السوید، ٢٠١٤.
٢. امانی فهمی، دساتیر العالم. المجلد الثانی عشر، دستور سویسرا، ٢٠١٥.
٣. امانی فهمی، دساتیر العالم. المجلد السادس، دستور ترکیا، ٢٠١١.
٤. جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥. دەستوری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥.
٦. رەفیق سابیر، بەستاندەردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٧. عەلائەددین سەجادی، دوکتۆر کونتنا، نامیلکەی ڤیدیاد، مێژوی ئەدەبی کوردی،١٣٧١.
٨. عەلی زەڵمی، پرسی شوناس لە مژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرنە، ٢٠١٢.
٩. فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، ١٩٨٥، ٣٩.
١٠. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر، ٢٠١٠.
١١. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، هەولێر، ٢٠١١.
١٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999.
13. Hudson R.A., Sociolinguistics, 1996, Cambridge.
14. http://www.perleman.org/files/articles/141214061821.pdf
15. file:///C:/Users/Brwa/Downloads/ghanoonasasi.pdf
16. http://www.linguistic-declaration.org/index-gb.htm
theorybox.net/2010/03/4-elements-of-state.17. http://www


## پاشکۆ:

دەقی جاڕنامەی جیهانی مافی زمانی، کە لە کۆبونەوەی بارسەلۆنای ئیسپانیا، لە ٦-١٩٩٦/٦/٩، هاتە ئاراوە:

مادەی ١

١ .ئەم جاڕنامەیە کۆمەڵگەیەکی زمانی بە هەر کۆمەڵێکی مرۆیی دادەنێ کە لە ڕوی مێژوییەوە لە شوێنێکی تایبەتی خاکیدا دامەزرابێ، چ ئەو شوێنە بە ڕەسمی ناسرابێ یان نەناسرابێ، کە خۆی بە گەلێک دادەنێ و زمانێکی هاوبەشی پێش خستوە وەکو ئامرازێکی خۆرسکی پێوەندی و یەکپارچەیی کولتوری لە نیوان ئەندامەکانیدا، زاراوەی زمانی بە تایبەتی لەمەڕ خاکێکی تایبەت ئاماژەیە بە زمانی کۆمەڵگەیەک کە لە ڕوی مێژوییەوە لە شوێنێکی ئەوتۆ دامەزرابێ

٢ .ئەم جاڕنامەیە لەم پنکتەوە دەست پێ دەکا کە پرێنسیپی مافی زمانیی هەم مافی تاک و هەم مافی بەکۆمەڵن لە یەک و هەمان کاتدا، بۆ دیاریکردنی گشت لایەنەکانی مافی زمانی، وەک مەرجەع نمونەی کۆمەڵگەیەکی زمانی مێژویی لە بەرچاو دەگرێ لە چوارچێوەی شوێنە خاکییەکەیدا، تێگەیشتنی سەبارەت بەو شوێنە نەک هەر ناوچەیەکی جوگرافیاییە کە کۆمەڵگەکەی تێدا دەژی، بەڵکو ئەو شوێنە کۆمەلایەتی و کردەییەش کە بۆ بەرەوپێشچونی تەواوی زمانەکە گرینگە. تەنێ لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ مافی زمانی ئەو دەستانەی لە پنکتی(٥) ی ئەم ماددەیەدا باسیان لێوە کراوە دیاری بکرێ و ئی ئەو تاکانەش کە لە دەرەوەی خاکی کۆمەڵگەکەیاندا دەژین، لە ڕوی پلەبەندی یان درێژبونەوە و بەردەوامییەوە

٣ .بۆ ئەوەی ئەم جاڕنامەیە بیانگرێتەوە، دەستە (زمانییەکان) دەبێ لەسەر خاکی خۆیان بن و سەر بە کۆمەڵگەیەکی زمانی بن لەم هەلومەرجانەی خوارەوەدا:

i:کاتێک ئەوان بە سنوری سیاسی یان ئیداری لە بەدەنەی سەرەکی کۆمەڵگەکەیان جوێ کراونەتەوە

ii:کاتێک ئەوان لە ڕوی مێژوییەوە لە ناوچەیەکی پچوک دامەزرابن کە ئەندامانی کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە دەورەیان دابن، یان

Iii:کاتێک ئەوان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە لە هەرێمێک دامەزرابن و پێشینەی مێژوییان بە یەکتر بچن.

٤ .ئەم جاڕنامەیە بارودۆخی گەلانی کۆچەریش لە بەرچاو دەگرێ لە چوارچێوەی ناوچە مێژوییەکانی ئاران و هەوارياندا و ئەو گەلانەش کە لە ڕوی مێژوییەوە لە شوێنی لێکدابڕاوی جوگرافیایی وەک کۆمەڵگەی زمانی لەسەر خاکی خۆیان دەژین.

٥ .ئەم جاڕنامەیە دەستەیەکی زمانی بە هەر دەستەیەک لە کەسان دەزانێ کە لە عەینی زماندا هاوبەش بن، کە لە شوێنی خاکی کۆمەڵگەیەکی زمانی دیکەدا دامەزراوە، بەڵام خاوەنی پێشینە مێژوییەکانی وەک ئەو کۆمەڵگەیە نییە. نمونەی ئەو جۆرە دەستانە بریتین لە کۆچبەران، پەنابەران، خەڵکی دەرکراو و ئەندامانی دیاسپۆراکان.

*مادەی ٢
١ .ئەم جاڕنامەیە پێی وایە هەر کاتێک کۆمەڵگەی زمانی جۆربەجۆر و دەستەکان لە عەینی خاکدا هاوبەش بن، ئەو مافانەی لەم چارنامەیەدا گەڵاڵە کراون دەبێ لەسەر بنەمای ڕێزی دولایەنە و بە شێوەیەکی ئەوتۆ جێبەجێ بکرێن کە بتوانرێ دێمۆکراسی لە ئاستی هەرە بەربڵاوی خۆیدا دەستەبەر بکرێ.
٢ .بۆ دامەزراندنی زەمینەی گونجاوی دەربڕینی مافە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە زمانییەکان و ئەو دەستە و کەسانەی سەر بە ئەوانن بە شێوەی لەبار، ویستی هەبونی لەنگەرێکی شیاوی زمانناسیی کۆمەڵایەتی دەبێ هۆکارگەلی جۆربەجۆر لە بەرچاو بگرێ، لەگەڵ پێشینە مێژوییەکانی هەرکامێکیان لەسەر خاکی خۆی و ئەو ئیرادەیەی کە بە شێوەی دێمۆکڕاتیک دەریانبڕیوە. لە نێو ئەو هۆکارگەلانەدا کە دەکرێ بە مەبەستی ڕاگرتن و ڕاستکردنەوەی ئەو لەنگەرە پێویست بن، دەکرێ ئاماژە بەوانەی خوارەوە بکرێ: تەبیعەتی زۆرەملی کۆچکردن کە گەیشتبێتە هاوژینیی کۆمەڵگە و دەستەی جیاواز و دەرەجەی سەدەمە وێکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتیی ئابوری و کولتوری ئەوان.

*مادەی ٣
ئەم جاڕنامەیە ئەم مافانەی خوارەوە بە مافی جیانەکراوەی تاکەکەسان دەزانێ کە دەکرێ لە هەمو بارودۆخێکدا جێبەجێ بکرێن.
•مافی ناسران وەک ئەندامی کۆمەڵگەیەکی زمانی؛
•مافی بەکارهێنانی زمانی خۆ چ لە چوارچێوەی خۆیی و چ لە بواری گشتیدا؛
•مافی بەکارهێنانی نێوی خۆ؛
•مافی پێوەندی و هەستان و دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی ماکی زمانی؛
•مافی پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوری خۆ؛
و گشت مافەکانی دیکەی بە زمان بەستراونەتەوە و لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی پەسندکراوی ١٦ی دیسامبری ١٩٦٦ و پەیماننامەی مافە ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان کە لە هەمان ڕۆژدا پەسند کراوە، بە ڕەسمی ناسراون.
٢ .ئەم جاڕنامەیە پێی وایە کە مافە بەکۆمەڵەکانی دەستە زمانییەکان، دەکرێ ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە، لەگەڵ ئەو مافانە کە لە برگەی پێشودا بۆ ئەندامانی دەستە زمانییەکان لە بەرچاو گیرابون و بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە مادەی ٢.٢: ـدا دانراون.
*مافی فێربونی زمان و کولتوری خۆیان'
*مافی دەستوێڕاگەیشتن بە خزمەتە کولتورییەکان ؛
*مافی ئامادەیی یەکسانی زمان و کولتورەکەیان لە مێدیای پێوەندیدا؛

*مافی ئەوەی کە زمانەکەی خۆیان لەلایەن دامودەزگا حوکومەتییەکان و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیی ئابورییەکاندا سەرنجی بدرێتێ.
ئەو مافانەی کەسان و دەستە زمانییەکان کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێ کرا نابێ بەهیچ جۆر بەربەستێک بن لە ڕێی تێکەڵاوی و پێوەندیی کەسان یان دەستەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێی زمانی یان یەکانگیربونیان لە کۆمەڵگەکەدا، هەروەها نابێ مافی کۆمەڵگەی خانەخوێ یان ئەندامەکانی بەرتەنگ بکا لە بەکارهێنانی تەواوی زمانی کۆمەڵگەی خۆی لە سەرتاسەری شوێنی خاکی خۆیدا.

*مادەی ٤
١ .ئەم جاڕنامەیە پێی وایە ئەو کەسانەی کە دەچن و لە خاکی کۆمەڵگەیەکی دیکەی زمانیدا دەژین و دادەمەزرێن هەم مافیانە و هەم ئەرکیانە بۆچونی یەکانگیری لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە بپارێزن و ڕەچاو بکەن. ئەو زاراوەیە دەبێ وەک سوسیالیزەبونێکی زیاتری ئەو کەسانە لێک بدرێتەوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەوان بکرێ خەسڵەتە کولتورییەکانی ماکی خۆیان بپارێزن لە کاتێکدا خۆیان بە هاوبەشی بنەماکان، بایەخەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵەیە دەزانن کە تێیدا دامەزراون بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە هەڵسوڕێن بێ دژوارییەکی گەورەتر لەو دژوارییانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخوێ لەگەڵیان بەرەوڕو دەبن.
٢ .ئەم جاڕنامەیە لەلایەکی دیکەوە، پێی وایە توانەوە، زاراوەیەک کە دەبێ بە مانای کولتور گۆڕان لە کۆمەڵەی خانەخوێدا لێک بدرێتەوە، بە شێوەیەکی ئاوا بنەماکان،نبایەخەکان و شێوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵەی خانەخوێ جێگای خەسڵەتە کولتورییەکانی ماک بگرنەوە، نابێ بە هێچ کلوەجێ بە زۆری داسەپێندرێن یان فەرز بکرێن و تەنێ دەکرێ ئاکامی بڕیارێکی تەواو ئازاد بن.

*مادەی ٥
ئەم جاڕنامەیە لەسەر ئەو پرێنسیپە دانراوە کە مافی گشت کۆمەڵگە زمانییەکان وەک یەک وایە و بە پلەی قانونیی ئەوان وەک زمانانی ڕەسمی، هەرێمی یان کەمینەیەوە نەبەستراوەتەوە. زاراوەی وەک زمانانی هەرێمی یان زمانانی کەمینە لەم جاڕنامەیەدا دەکار نەکراون چونکە ئەگەرچی لە هێندێک نمونەدا بەڕەسمیناسینی زمانانی هەرێمی یان کەمینە دەتوانن ڕێگا بۆ جێبەجێکرانی هێندێک مافان خۆش بکەن، بەڵام ئەو جۆرە پێناسەکردنانە و ئی دیکە زۆرجار بۆ ئەوە بە کار دەهێندرێن کە مافی کۆمەڵگە زمانییەکان بەرتەنگ بکەن.

*مادەی ٦
ئەم جاڕنامەیە پێی وایە زمانێک ناکرێ بە تایبەتی بە ئی خاکێک دابندرێ هەر لەبەر ئەوەی کە ئەوە زمانی ڕەسمیی دەوڵەتە یان لە ڕوی نەریتییەوە لە چوارچێوەی خاکەکەدا بە کار هێندراوە بۆ کاروباری ئیداری یان بۆ هێندێک چالاکیی کولتوری.

سەرباسی یەک
پرێنسیپە گشتییەکان
*مادەی ٧
١ .هەمو زمانان دەربڕینی ناسێنەیەکی بەکۆمەڵ و ڕێگایەکی جوێن بۆ تێگەیشتن و باسکردنی ڕاستی و بۆیە دەبێ بتوانن لەو هەلومەرجانە کەڵک وەربگرن کە بۆ بەرەوپێشچونیان لە هەمو ئەرک و بوارێکدا پێویستن
٢ .هەمو زمانەکان بەکۆمەڵ دامەزراون و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا لە بەردەستدان بۆ بەکارهێنانی تاکەکەسی وەک ئامرازێکی یەکپارچەیی، خۆناساندن، پێوەندی و دەربڕینی خولقێنەرانە.

*مادەی ٨
١ .گشت کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی خۆیان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی بەکارهاتنی زمانەکەیان لە هەمو ئەرک و بوارەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا.
٢ .گشت کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە هەر جۆرە ئامرازێکیان لە بەردەستدا بێ کە پێویستن بۆ دەستەبەرکردنی گواستنەوە و بەردەوامیی زمانەکەیان.

*مادەی ٩
گشت کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کۆد بۆ سیستمی زمانیی خۆیان دابنێن، ستانداردی بکەن، بیپارێزن، بەرەوپێشی بەرن و پێشی بخەن، بێ دەستێوەردانی زۆرەملێیانە یان تۆبزییانە.

*مادەی ١٠
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی یەکسانیان هەیە.
٢ .ئەم جاڕنامەیە پێی وایە فەرق و جیاوازیدانان لەگەڵ کۆمەڵگە زمانییەکان شیاوی قەبوڵکردن نییە، جا ئەوە چ لەبەر ئاستی پلەی سەروەریی سیاسییان بێ یان لەبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابوری یان هۆ و سۆنگەی دیکە، یان لەبەر چەندایەتیی کۆد بۆ دانانی زمانەکانیان، چەندایەتیی سەردەمیبون و نوێباوبونیان یان لەبەر هەر پێوەرێکی دیکە.

*مادەی ١١
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە هەر ئامرازێکی پێویست دەکا لە بەردەستیاندا بێ بۆ وەرگێرانی زمانەکەیان بە زمانانی دیکە یان وەرگێران لەو زمانانەوە بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێکرانی ئەو مافانەی لەم جاڕنامەیەدا هەن.

*مادەی١٢
١ .هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە هەمو چالاکییەکان لە بواری گشتیدا بە زمانی خۆی ئەنجام بدا، بێت و ئەو زمانە تایبەتی بێ بەو خاکەی کە ئەوی تێدا دەژی.
٢ .هەمو کەس مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی هەیە لە بواری ژیانی کەسی و لە خێزاندا.

*مادەی ١٣
١ .هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەو زمانەی کە تایبەتییە بەو خاکەی لەسەر دەژی بزانێ.
٢ .هەمو کەس مافی هەیە فرەزمانە بێ و ئەو زمانە بزانێ و بە کاری بهێنێ کە هەرە لەبارە بۆ پێشوەچونی شەخسیی خۆی یان بۆ وەگەڕکەوتنی کۆمەڵایەتی، بێ هیچ جۆرە پێشداوەرییەک لە ئاست ئەو دەستەبەرییانەی لەم جاڕنامەیەدا دامەزراون سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە تایبەتییە بە خاکی جێی باس.

*مادەی ١٤
مادەکانی ناو ئەم جاڕنامەیە ناکرێ بەو شێوەیە لێک بدرێنەوە یان بە کار بهێندرێن کە بە زەرەری هەرە جۆرە نۆرم یان کردەوەی زمانێک بن لەبەر پلەی نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی ئەو زمانە کە زۆر پەسندترە بۆ بەکارهێنانی لە چواچێوەی ئەو خاکەدا کە زمانەکە تایبەتییە بەو.

سەرباسی دوهەم
ڕێژێمی گشتیی زمانی
بەشی 1
ئێدارەی گشتی و دامودەستگا ڕەسمییەکان
*مادەی ١٥
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە زمانەکانی خۆیان بە ڕەسمی بە کار بهێنن لە چوارچێوەی خاکی خۆیاندا.
٢ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە سەنەد و بەڵگەی قانونی و ئیداری، گشتی و خسوسییان لە بەڵگەخانەی گشتیدا ئاستە بکرێ کە بە زمانی خاکی لەبەرچاوگیراو گەڵاڵە کراون و دەبێ ئەوانە بڕ بکەن و بڕۆن و کەس بۆی نییە و ناتوانێ چاو لەو زمانە هەڵبوێرێ.

*مادەی ١٦
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیان لەگەڵ دامودەستگای دەستەڵاتدارێتیی گشتیی نێوەندی، خاکی، ناوچەیی یان دەرەوەی خاکی پێوەندی بگرن و لەگەڵ ئەو بەشانەی کەرتی بەڕێوەبەری کە ئەو خاکە دەگرێتەوە کە زمانەکە تایبەتییە بە ئەوێ.

*مادەی ١٧
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە گشت سەنەد و بەڵگەی ڕەسمییان بە زمانی خۆیان لە بەردەستدا بێ و بە دەستیان بهێنن سەبارەت بەو پێوەندییانەی ئەو خاکە دەگرێتەوە کە زمانەکە تایبەتییە بە ئەوێ، جا ئەو جۆرە بەڵگانە چ بە چاپکراوی بن یان بە ئامرازێک بخوێندرێنەوە یان لە هەر شێوەیەکی دیکەدا بن.
٢ .داخوازینامە و سەنەد و بەڵگەی ئیداریی ستاندارد، چ بە چاپکراوی، یان خوێندنەوەی بە ڕێگای ئامرازێکدا یان بە هەر شێوەیەکی دیکە دەبێ بە هەمو زمانانی خاکەکە لە لایەن کاربەدەستانی گشتییەوە لە بەردەست خەڵکدا بن بە ڕێگای ئەو خزمەتانەدا کە ئەو خاکانە دەگرێتەوە کە هەر زمانەی تایبەتی بە یەکێک لەوانن.

*مادەی ١٨
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە قانونەکان و مادەکانی دیکەی حقوقی کە پای ئەوان دەگرێتەوە بەو زمانە بڵاو ببنەوە کە تایبەتین بە خاکەکەیان.

*مادەی ١٩
١ .مەجلیسی نوێنەران دەبێ زمان(زمانانی) ڕەسمییان ئەو زمان(زمانانە) بن کە لە ڕوی مێژوییەوە لەو خاکەدا کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن بە کار هێندرابێ(بن).
٢ .ئەو مافە هەروەها زمانانی ئەو کۆمەڵگەیانەش دەگرێتەوە کە لە شوێنی پەراگەندەی جوگرافیاییدا دەژین کە لە مادەی ١، تێبینی ٤ دا هێمای پێ کرا.

*مادی ٢٠
١ .هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەو زمانە بە کار بهێنێ کە لە ڕوی مێژوییەوە لە خاکێکی لە بەرچاوگیراودا بە کار هاتوە، چ بە قسەکردن و چ بە نوسین، لە دادگایەکانی نێو خاکەکەدا. دادوەران لە داوەری و کارەکانی خۆیاندا دەبێ ئەو زمانە بە کار بهێنن کە تایبەتە بە خاکەکە و، ئەگەر لەبەر ئەو سیستمە قانونییەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا بە ڕێوە دەچێ، پێراگەیشتنەکانی دادگا دەبێ لە شوێنێکی دیکە بەردەوام بن، بەکارهێنانی زمانی ماک هەر دەبێ ڕەچاو بکرێ و بپارێزرێ.

*مادەی ٢١
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە سەنەد و بەڵگەکانیان لە بەڵگەخانەی گشتیدا بەو زمانە گەڵاڵە بکرێن کە تایبەتین بە خاکەکە.
*مادەی ٢٢
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو سەنەد و بەڵگانەی لەلایەن دەفتەری بەڵگەی ڕەسمییەوە یان لەلایەن کاربەدەستانی دیکەی گشتییەوە ڕەسەنایەتییان سەلمێندراوە بەو زمانە گەڵاڵە کرابن کە تایبەتییە بەو خاکەی کە دەفتەری بەڵگەی ڕەسمی یان دەستەڵاتدارییەکی دیکەی ڕەسمی کاریان تێدا دەکەن.

بەشیII
پەروەردە
*مادەی ٢٣
١ .پەروەردە دەبێ یارمەتی بکا بە پەروەراندنی توانایی خۆدەربڕینی زمانی و کولتوری کۆمەڵگەی زمانی لەو خاکەدا کە دابین دەکرێ.
٢ .پەروەردە دەبێ یارمەتی بکا بە پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو زمانەی کۆمەڵگەی زمانی قسەی پێ دەکا لەو خاکەدا کە دابین دەکرێ.
٣ .پەروەردە دەبێ هەمیشە لە خزمەت جۆراجۆریی زمانی و کولتوریدا بێ و هەروەها لە خزمەت پێوەندیی بەئاهەنگ لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکان لە سەرتاسەری دنیادا.

*مادەی ٢٤
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار بدەن کە زمانەکەیان تا چ ڕادەیەک ئامادەیی هەبێ، وەک زمانێکی ڕاگۆێزەر و وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوە لە هەمو ئاستەکانی پەروەردە لە چوارچێوەی خاکەکەیاندا: لە قۆناخی پۆلی ساوایان، سەرەتایی، ناوەندی، تێکنێکی و کارئەزمونی، زانکۆ و خوێندنی گەورەساڵاندا.

*مادەی ٢٥
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە هەمو جۆرە سەرچاوەیەکی مرۆیی و مادییان لە بەردەستدا بێ کە بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەیی زمانەکەیان پێویستن، بەو ڕادەیەی کە ئەوان خۆیان پێیان خۆشە لە گشت ئاستەکانی پەروەردە لە چواچێوەی خاکەکەدا: مامۆستای باش پەروەردەکراو، مێتۆدی لەباری دەرسدادان، کەرەستە و کتێبی خوێندن، دەرفەتی دارایی، خانوبەرە و کەلوپەل، تێکنۆلۆژیی نەریتی و تازەباو.

*مادەی ٢٦
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئەندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لێی ڕابێن، لەوانە توانایی جۆربەجۆر لە هەمو بوارە ئاساییەکاندا، هەروەها هەبونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ فێربونی هەر زمانێکی دیکە کە ئەوان پێیان خۆش بێ فێری بن.

*مادەی ٢٧
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی هەبونی پەروەردەیەکیان هەیە کە دەرفەت بۆ ئەندامەکانیان بڕەخسێنێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە هەر زمانێک کە پێوەندی بە نەریتی کولتوریی ئەوانەوە هەبێ، وەک زمانە ئەدەبی و پیرۆزەکان کە پێشتر زمانانی عادەتیی کۆمەڵگەکە بون.

*مادەی ٢٨
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەرەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بۆ ئەندامەکانیان بڕەخسێنێ زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە میراتی کولتوریی خۆیان(مێژو، جوگرافیا، ئەدەبییات و، هێماکانی دیکەی کولتوری خۆیان) بە دەست بهێنن، هەروەها هەبونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ ئاگاداربون لە هەر کولتورێکی دیکە کە پێیان خۆش بێ.

*مادەی ٢٩
١.هەمو کەس مافی هەیە بەو زمانە پەروەردە ببێنێ کە تایبەتییە بەو خاکەی تێیدا دەژی.
٢ .ئەم مافە مافی فێربونی زمانێکی دیکە چ بە قسەکردن و چ بە نوسین بەرپەرچ ناداتەوە کە دەکرێ وەک ئامرازی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە بە کار بهێندرێ.

*مادەی ٣٠
زمان و فەرهەنگی هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوە و تۆێژینەوە لە ئاستی زانکۆدا.

بەشیiii
ناوی تایبەتی
*مادەی ٣١
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە سیستمی ناوی تایبەتی خۆیان بپارێزن و لە گشت بوارەکان و لە هەمو بۆنەیەکدا بە کاریان بهێنن.

*مادەی ٣٢
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناوی شوێنان بەو زمانە بە کار بهێنن کە تایبەت بە خاکەکەیانە، هەم لەقسەکردن و هەم لە نوسیندا و لە بواری خسوسی، گشتی و ڕەسمیدا
٢ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناو لە شوێنان بنێن، ناویان بپارێزن یان ناوە ڕەسەنەکانیان بگۆڕن. ئەو

جۆرە ناوانەی شوێنان ناکرێ بەزۆرملێ بگۆڕدرێن، تێک بدرێن یان دابنرێن و لەبەر گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، یان هەر جۆرە گۆڕانێکی دیکە نابێ ناویان بگۆڕدرێ.

*مادەی ٣٣
هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە بەو جۆرە بانگی خۆیان بکەن کە لە زمانی خۆیاندا بە کار دەهێندرێ.
هەموو جۆرە وەرگێڕانێک بە زمانەکانی دیکە دەبێ خۆی لە بەکارهێنانی ناولێنانی لێڵ یان ناشایست بپارێزێ.

*مادەی ٣٤
هەموو کەس بۆی هەیە ناوی خۆی بە زمانی خۆی لە هەموو بوارەکاندا بە کار بهێنێ، هەروەها ئەو مافەشی هەیە کە تەنێ ئەگەر پێویست بکا، ناوەکەی بە سیستمی رێنوسێکی دیکە بە شێوەیەکی هەرە دروستی گونجاوی فۆنێتیک بنوسرێ.

بەشیIV
میدیای پێوەندی و تێکنۆلۆژیی نوێ
*مادەی ٣٥
هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافیان هەیە بڕیار بدەن زمانەکەیان تا چ ڕادەیەک ئامادەیی هەبێ لە گشت میدیاکانی پێوەندی لە خاکەکەیاندا، چ میدیای ناوچەیی بێ چ سەرتاسەری، ئەو میدیایانەی بەربڵاوتر بڕ دەکەن، یان ئەوانەی کە تێکنۆلۆژیی زۆر پێشکەوتوتر بە کار دەهێنن، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مێتۆدەی بۆ ئاگاداریدان یان بڵاوکردنەوە بە کاری دەهێنن.

*مادەی ٣٦
هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی مرۆیی و ماددییان لە بەردەستدا بێ کە پێویستن بۆ دەستەبەرکردنی ئاستێکی دڵخواز لە ئامادەیی زمانەکەیان و ئاستێکی دڵخواز لە خۆدەربڕینی کولتوری لە میدیای پێوەندی لە خاکەکەیاندا:

*مادەی ٣٧
هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە بە ڕێگای میدیای پێوەندیدا، زانیاریی تەواو سەبارەت بە میراتی کولتوریی خۆیان وەربگرن( مێژو، جوگرافیا، ئەدەبییات و هێماکانی دیکەی کولتوری خۆیان) هەروەها زانیاریی هەرە زۆری گونجاوی دیکە سەبارەت بە هەر کولتورێکی دیکە کە ئەندامەکانیان پێیان خۆشە لێیان بزانن.

*مادەی ٣٨
زمان و کولتوری هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ لەلایەن میدیا پێوەندییەکانی سەرتاسەری جیهاندا وەکو یەک و بێ هیچ جۆرە فەرق و جیاوازییەک لەگەڵ دانانێک چاو لێ بکرێن.

*مادەی ٣٩
ئەو کۆمەڵگەیانەی لە مادەی ١، تێبینی ٣ و ٤ ی ئەم چاڕنامەیەدا باسیان کراوە و ئەو دەستانەی لە تێبینی(٥)ی هەمان مادەدا ئاماژەیان پێ کراوە، لێیان دەوەشێتەوە لە میدیای پێوەندی ئەو خاکەی کە تێیدا دامەزراون یان کۆچیان کردوە زمانەکەیان بە یەکسانی نوێنەرایەتی بکرێ. ئەو مافە دەکرێ بە هەموارکردن لەگەڵ مافی دەستە زمانییەکان یان کۆمەڵگەکانی دیکەی کە لە خاکەکەدا دەژین جێبەجێ بکرێ.

*مادەی ٤٠
لە مەیدانی تێکنۆلۆژیی زانیاریدا، هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە ئەو ئامراز و کەرەستەیانەیان لە بەردەستدا بێ کە بۆ سیستمی زمانی ئەوان و ئامراز و بەرهەم بە زمانەکەیان، وەخۆ کراون، بۆ ئەوەی بکرێ کەڵکی تەواو لەو جۆرە تواناییانە وەربگرن کە تێکنۆلۆژییەکی ئەوتۆ دەیرەخسێنێ بۆ بڵاوکردنەوە، وەرگێران، پێوەچارانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی کولتور بە گشتی.

بەشیV
کولتور
*مادەی ٤١
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی بەکارهێنان، پاراستن و پەروەراندنی زمانی خۆیان هەیە لە هەمو شێوەکانی دەربڕینی کولتوریدا.
٢ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ بتوانن ئەو مافە بە تەواوی بە کار بهێنن بێ ئەوەی شوێنی کۆمەڵگەکە بکەوێتە بەر داگیرکاریی باڵادەستانەی کولتورێکی بێگانە.

*مادەی ٤٢
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی پێشوەچونی تەواویان هەیە لە چوارچێوەی بواری کولتوریی خۆیاندا.

*مادەی ٤٣
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە دەستیان بەو کارانە ڕابگا کە بە زمانی خۆیان بەرهەم هاتون.

*مادەی ٤٤
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە دەستیان وە بەرنامەی نێوکولتوری ڕابگا بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست و بۆ پشتیوانی لە چالاکی وەک فێرکردنی زمان بە بێگانان، وەرگێران، دوبلاژ، وێگراخوێندنەوە و ژێرنوسی.

*مادەی ٤٥
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ئەو زمانەی کە تایبەتییە بە خاکێک جێگایەکی شیاوی هەبێ لە بۆنە و خزمەتە کولتورییەکاندا(کتێبخانە، پێشانگەی ڤیدیۆ، سینەما، شانۆ، موزەخانە، ئاڕشیڤ، فۆلکلۆر، پیشەی کولتوری و هەمو هێماکانی دیکەی ژیانی کولتوری).

*مادەی ٤٦
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی پاراستنی میراتی زمانی و کولتوریی خۆیان هەیە، بە هێما مادییەکانیشیەوە، وەکو کۆلێکسیۆنی بەڵگان، کۆتەڵی مێژویی و بەردنوس بە زمانی خۆیان

بەشیVI
بواری کۆمەڵایەتیی ئابوری
*مادەی ٤٧
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی دامەزرانی بەکارهێنانی زمانی خۆیان هەیە لە هەمو چالاکییە کۆمەڵایەتیی ئابورییەکان لە چوارچێوەی خاکەکەیاندا.
٢ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە بە زمانی خۆیان هەمو جۆرە ئامرازێکی پێویستیان لە بەردەستدا بێ بۆ ئەنجامدانی چالاکییە پیشەییەکانی خۆیان، وەکو بەڵگە و سەنەد و سەرچاوە، ڕێنوێنی، شێوە و کەلوپەلی کامپیوتێری، ئامراز و بەرهەم.
٣ .بەکارهێنانی زمانانی دیکە لەو بوارەدا تەنێ ئەو کاتە پێویستی پێی هەیە کە تەبیعەتی چالاکییە پیشەییەکە پاساوی بدا. لە هیچ کەیسیدا زمانێک کە زۆر تازەتر گەیشتوتە، بۆی نییە بەکارهێنانی زمانێک کە تایبەتییە بە خاکەکە کەم بکاتەوە یان جێی بگرێتەوە.

*مادەی ٤٨
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان هەیە لە هەمو جۆرە سەودایەکی ئابوریدا بە بایەخی تەواوی حقوقییەوە، وەک فرۆشتن و کڕینی کاڵا و خزمەتان، بانک، بیمە، کۆنتراکتی پێشە و شتی دیکە.
٢ .هیچ تێبینی یان بڕگەیەک لە پەیمانێکی ئاوا تایبەتیدا بۆی نییە بەکارهێنانی زمانێک کە تایبەتییە بە خاکەکە دەربهاوێژێ یان بەرتەنگی کا.

٣ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە ئەو بەڵگە و سەنەدانەیان بە زمانی خۆیان لە بەردەستدا بێ کە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە پێویستن کە لە سەرەوە باس کران. ئەو بەڵگانە بریتین لە فۆرم، چەک، کۆنتڕات، سوڕەت حیساب، ڕەسید، یادداشتی وەرگرتن، فۆڕمی داواکردن، و ئی دیکە.

*مادەی ٤٩
هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافیان هەیە زمانی خۆیان لە هەمو جۆرە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئابوریی وەک ڕێکخراوەی کار و سێندیکاکان، کۆمەڵەکانی خاوەنکاران، پیشەکاران، بازرگانی و پیشە دەستییەکاندا بە کار بهێنن.

*مادەی ٥٠
١ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە زمانەکەیان جێیەکی شیاوی هەبێ لە ڕێکلام، لەسەر تابلۆیان، تابلۆی ڕێنوێنیی جادەکان و، گشت تۆوی دیکەی کە سیمای وڵات پێک دەهێنن.
٢ .هەمو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە زانیاریی تەواوی زارەکی و نوسراو بە زمانی خۆیان وەربگرن سەبارەت بەو بەرهەم و خزمەتانەی کە دامەزراوە بازرگانییەکانی خاکەکە پێشکێشیان دەکات، وەک ڕێنوێنیی چلۆنایەتیی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە، بەرچەسپ، لیستی نێوەرۆکیان، ڕێکلام، گارانتیکردن و شتی دیکە.
٣ .هەمو نیشانە و ئاگادارییە گشتییەکان کە کارلێکەرییان هەیە لەسەر ساغوسڵامەتیی گشتی دەبێ بە لای کەمەوە بە زمانی تایبەتی لەمەڕ خاکەکە بێ، بەو مەرجەی نەبێتە هۆی دەپەراوێزخستنی ئەوانەی کە بە زمانێکی دیکەن.

*مادەی ٥١
١ .هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەو زمانە بە کار بێنێ کە تایبەتی خاکەکەیە لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ شیرکەتان، دامەزراوە بازرگانییەکان و دامودەزگاکانی کەرتی تایبەتی و هەر بەو زمانە وڵام بدرێتەوە و خزمەتی پێ بکرێ کە پرسیاری پێ کردوە.
٢ .هەموکەس مافی ئەوەی هەیە وەک موشتەری، کڕیار، مەسرەفکار یان بەکارهێنەر، زانیاریی زارەکی و نوسراو وەربگرێ بەو زمانەی کە تایبەتییە بە خاکەکە لەلایەن ئەو دامودەزگا و دامەزراوانەی کە دەرگایان بەرەوڕوی خەڵک کراوەیە.

*مادەی ٥٢
هەمو کەس بۆی هەیە چالاکییە پیشەییەکانی خۆی بە زمانی تایبەت بە خاکەکە ئەنجام بدا مەگەر ئەوەی ئەو ئەرکانەی کە کارەکە پێی دەوێ پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی دیکە بێ، وەک لە مەڕ مامۆستایانی زمان، وەرگێران و ڕێنوێنیی توریستان.